# خه وی خوێناوی

شیوا ئه‌مین پور

هیچ كاتێك له‌بیرم ناچێت

ئه‌و ڕۆژه‌ی‌كه‌خۆری زێڕین

داپۆشرابوو له‌ژێر هه‌ورا،

ئه‌وڕۆژه‌ی كه‌كونده په‌پوو

ئاهه‌نگی مه‌رگی‌ده‌گێرا،

ئه‌وكاته‌ی كه‌هه‌ڵۆی مه‌رگ

باڵی‌لێدا به‌سه‌ر شارا

باڵنده‌كان باڵیان شكا

گه‌لآ نه‌ما به‌سه‌ر دارا

ئه‌و ڕۆژه‌پانزه‌ی‌گوڵان بوو

شه‌وی پێشتر خه‌وم دیبوو

خه‌وی خوێن و مه‌رگ و نه‌مان

كاتێك كه له خه‌و ڕاپه‌ڕیم

گه‌لێك ترسام

خور په‌یه‌ك هات به ناودڵماو

ترسی مه‌رگ داسه‌پیه سه‌ر خۆزگه‌وبریام

نانا

ترسێك، به‌سام تر له‌ترسی مه‌رگ

به‌ئێشتر له‌كزه‌ی جه‌رگ

سه‌عات یانزه‌ی پێش نیوه‌ڕۆ

بارانی مه‌رگ ڕژا به‌سه‌ر شاره‌كه‌م دا

له‌كۆلآن و له‌سه‌ر شه‌قام

چه‌ند هه‌زاریك له‌ژن وپیاو، پیرومندال

خوێنی سووریان بوو به لافاو

شانۆیه‌كی دڵ ته‌زێن بوو

مێژوو هیچ كاتێك نه‌یدیبوو

ده‌رهێنه‌رانی شانۆكه‌ش دیاره‌كی‌بوون

هه‌تا ئێستاش ده‌رهێنه‌ران ده‌رهێنه‌رن

دنیاشمان بووته‌بینه‌روو!

كوردستانیش سه‌ر شانۆیه

ڕۆڵه‌ی كوردیش شانۆگێڕن!